عەبدولناسرئەحمەدي
abdolnaser_ahmadi@yahoo.com

چمە
شا یەد دیسان
عاشق ببمەوە...
لەمێژە
شێعرم نەنووسیوە
ئەمەوێ شێعرێک
تاڵترلەچایەکاني دایکم بنوسم.
لەم هەواي گورگ و مێیەدا
چاوە ڕرواني
شەوەکێەکي شەکەت و شامي و شاروو شێعردەکەم.
دەستم دەکەم بە
تەختەسیاي بیرم و
بەپێنووسە ڕەشەکەم هەر
مورەبەع
دەکێشم
مورەبەع
مورەبەع
مورەبەع.
لە مێشکیشمدا
خەتي ئینترنت و نەسخ و خواوو خورماوو خۆرە تاو دەکێشم.
(دایە
ناچم بۆ داڵاهو
کوێریش ناکەم باواني تو).1
ناچم بۆ
شاهۆو
ئاربابا‌و
پەڕواوو
پەپوولە

هەرلەم
چرخان و
ترافیک و
ئاژیلەدا
(.)

دوایین وێستگەیە
دابەزین.